وەزارەتی نەوتی پلانەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ زیاتر لە شەش ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ڕاگەیاند

وەزارەتی نەوتی عێراق، پلانەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ زیاتر لە شەش ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا تا ساڵی 2029 ڕاگەیاند، دەڵێت، "دیارترین پڕۆژەکانی کەرتی دەرهێنان لە ئێستادا، پڕۆژەی پەرەپێدانی غاز لە کێڵگەی ئەرتاوی و پەرەپێدانی چوار کێڵگەی نەوت لە کەرکوک، هەروەها کەمپانیا نیشتمانییەکانی دەرهێنان بەرپرسیارن لە 70%ی چالاکییەکانی کارپێکردن".

باسم محەمەد خوزێیر، یاریدەدەری وەزیری نەوتی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی ڕاگەیاند، وەزارەتەکەیان هەوڵدەدات توانای بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە چوارچێوەی پلانێکی پێنج ساڵەی دیاریکراودا زیاد بکات، بە ئامانجی ئەوەی کە لە نێوان ساڵانی 2028 بە 2029 بەرهەمهێنانی نەوت لە ڕۆژێکدا بە زیاتر لە شەش ملیۆن بەرمیل بەرزبکەنەوە.
ئاماژەی بەوەشکرد، وەزارەتی نەوت کاردەکات بە گەیشتن بەو ئامانجانە لەڕێگەی پڕۆژەکانیەوە کە سەرجەم پارەزگاکان لەخۆدەگرێت، بەسود وەرگرتن لەو چالاکی گەیاندنانەی کە کەمپانیای دەزینەوەی نەوتەوە ئەنجامی دەدات، هەروەها کارکانی هەکەندن و بەرهەمهێنان لە کێڵگەکاندا لەڕێی شەش خولەکەی مەپێدانەوە دەبێت.

ئەو بەرپرسی وەزارەتی نەوتی عێراق باسی لەوەشکرد، لە دیارترین پڕۆژەکانی ئێستا لە کەرتی دەرهێناندا، پڕۆژەی پەرەپێدانی غاز لە باشور، لە کێڵگەی ئەرتاوی، جگە لە پڕۆژەکانی دیکە، لەوانە پڕۆژەی پەرەپێدانی چوار کێڵگەی گرنگ لە کەرکوک، کە رەکەوتن لەبارەیانەوە کراوە و بەیارە لە چەند رۆژی داهاتودا گرێبەستی کۆتایی لەگەڵ کەمپانیای بی پی-ی بریتانی واژێبکرێت.

ئەوەشیخستەو، کەمپانیا نیشتمانییەکانی دەرهێنان لەئێستادا بەرپرسیارن لە 70%ی چالاکییەکانی کارپێکردن.